سەید حەکیم داوا دەکات چارەسەری بەقۆناغ و ستراتیژی بۆ باشکردنی دۆخی زیقار پەیرەوی بکرێت



بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی پێشوازی لە بەڕێز هەیسەم حەمدانی پارێزگاری زیقار کرد و حەمدانی باسێکی دۆخی خزمەتگوزاری و پلانەکانی بۆ پێشخستنی شارەکە پێشکەش کرد.

سەماحەتی حەکیم دووپاتی کردەوە کە خزمەتگوزاری گرنگی زۆری هەیە بۆ ژیانی هاوڵاتیان، داواشی کرد چارەسەری ڕیشەیی و جیدی لەسەر ئاستی قۆناغی و ستراتیژی بۆ باشکردنی دۆخی پارێزگاکە پەیرەو بکرێت..

هەروەها سەماحەتی داوای کرد کامڵبوون لە ئاست لەنێوان پارێزگا و ئەنجومەنی پارێزگا هەبێت و گوتیشی گرنگە پەیوەندی لەگەڵ زانکۆکان و بەهرەمەندە زانستییەکان لە پارێزگاکە هەبێت بۆ ئەوەی لە پلان و بەرنامە و بەشداری لە دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو هەبێت و لە کۆتاییدا سەید حەکیم جەختی کردەوە لەسەر بایەخدان بە قەزا و ناحییە و ناوچە دوورە دەستەکان بەوەی کە لە بواری گەشپێدان و خزمەتگوزاری بێبەش نەکرێن.